# ئەمەریکا باجی کەڵەگایەتی خۆی دەدات

ئەمجەد شاکەلی

دەسگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکا و ئەوروپا و تەنانەت تاکی ئاسایی ئەورووپاییش، کە باسی ڕووداوەکانی ١١ ئەیلوولی ٢٠٠١ی ئەمەریکا دەکەن، هەر دەڵێی سنوورێک یا هێڵێک بە نێوان دوو جیهاندا یا دوو مێژوودا، دەکێشن و پێیان وایە، کە مێژووی پاش ١١ی ئەیلوول جیاوازە لە مێژووی پێش ١١ی ئەیلوول و پێیان وایە ئیدی جیهان هەرگیز ئەوەی جاران نییە. ئەمەریکایی و ئەورووپایی، لە کێشانی سنوور و هێڵ و مەرزدا، گەلێک زیرەکن و چاکی لێدەزانن. مەگەر هەر ئەوان نەبوون و نین، کە لە سەر مێزی خواردنەوە و قومار، بە ڕاستە، تەواوی ئەفریقایان وەک پاقلاوە، بە سەر دەیان دەوڵەتدا، بەشیوەتەوە. مەگەر هەر ئەوان نین، کە هەر گەلێک و هەر هۆزێکی جیهانی سێیەمیان، لەتوپەت کردووە و نیوەی خانەوادەیەکیان خستووەتە بندەستی دەوڵەتێکەوە و نیوەکەی دیکەشی لەودیوی سنوورەوەیە و مەگەر تەنێ لە خەوندا، یەکدی ببیننەوە. نموونەش: عەرەب، بەلووچ، پەشتۆ، تاجیک، کورد، دورزی، ئازەری و. . . -لە وڵاتانی دەڤەرەکەی خۆمان- و تەواوی ئەفریقا و ئەمەریکای خوارووویش. تاکی ئاسایی ئەورووپایی و خۆراوایی و ئەمەریکایی، چوون هەسپی گالیسکەکێشی، ئەملا و ئەولا و چاوگیراو، بیر دەکەنەوە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و ئینتەرنێت و سیاسەتکارانی خۆیان چ دەڵێن، ئەمانیش هەر ئەوە دەبیسن و تێدەگەن و دەڵێنەوە و هەر ئەوەش بەڕاست دەزانن. هەرچی ئەو ڕووداوەی ١١ی ئەیلوولە، کە ئەمەریکا و تەواوی ئەورووپای هەژاند، بەڕاستی و سەدلەسەد، هێشتا بۆ هیچ کەسێک ئاشکرا و ڕوون نییە، کە کێ ئەنجامی داوە یا ڕاستتر کێی لە پشتەوە بووە! ئەمەریکا و ئەوروپا و ڕۆژاوا، لە بیانوو دەگەڕێن و مەبەستیان تەنێ دەستەیەک یا خەڵکگەلێکی دیاریکراو نییە، کە بە نێوی تەرۆریست و تەرۆریزمەوە، لەبەینیان ببەن، بەڵکە مەسەلەکە فرە لەوە گەورەتر و بەبلاوترە. ئەگەر بمانەوێت لە کارەساتی ١١ی ئەیلوول تێبگەین، گەرەکە ئاوڕێک لە پاشخان و پێشینەی ئەو ڕووداوە بدەینەوە. ئەوەی کە ١١ی ئەیلوول ڕوویدا، هیچ لەوەی کە لە سەفارەتخانەکانی ئەمەریکادا لە بەیرووت و تەنزانییا و کێنیا، ڕوویاندا، جیاواز نییە. ئەمەریکا بەو تووشبوون و لێقەومانە، باجی سیاسەتی چەوتی خۆی و کەڵەگایەتی و نێرەکەرایەتی خۆی دەدات. ئەگەر ئەمەریکا و ئەوروپا و خۆراوا باس لە تەرۆریزم و تەرۆریست دەکەن، خۆ دیرۆکی خۆیان، هەموو خەڵتانی خوێن و دیرۆکی تەرۆریزمە و بەشی زۆرینەی کارەکانیان بەرانبەر جیهانی سێیەم و هەژارانی جیهان و گەلان و وڵاتانی بندەست، کارگەلێکی تەرۆریستانە بووە. بۆ خۆیان گەورەترین و هێزدارترین و تواناترین تەرۆریستی ئەم دنیایەن. مەگەر جەنگی خاچهەڵگرانی مەسیحییان بەرانبەر ڕۆژهەڵاتی موسوڵمان، کوشتن و بردن و بەکۆیلەکردنی ڕەشپێستانی ئەفریقایی لە ئەمەریکا و بۆ ئەمەریکا، لەنێوبردنی ئیندیانەکانی ئەمەریکای خواروو و سەروو، ئەبۆریجینەکانی ئەوسترالیا و ماورییەکانی نیوزیلاند و کوشتنیان و کردنیان بە مەسیحی و سەپاندنی زمانی ئینگلیزی و ئیسپانیۆلی بە سەریاندا و سڕینەوەی فەرهەنگیان و پاشتریش هێشتنەوەیان لە ناوچەی دیاریکراودا، وەک چۆن باخچەی ئاژەڵان، ئاژەڵی بەستەزمانی تێدا بەند دەکرێن، داگیرکردنی بەشی زۆری ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای خواروو و دابەشکردنیان لە نێوان وڵاتانی ئەورووپادا و تاڵانکردن و ڕووتاندنەوەیان، داگیرکردنی ئەلجەزایر و شەهیدکردنی پتر لە یەک میلیۆن مرۆڤی ئەو وڵاتە، جەنگی ڤیێتنام، بۆمبارانی هیرۆشیما و ناگازاکی، بۆمبارانکردن و وێرانکردنی عیراق و برسیکردنی وڵاتێک، کارەساتەکانی ڕواندا و ئەفریقای خواروو و لیبیا، ئابلۆقەی ئابووری کووبا و لیبیا و عیراق و ئێران، چاندن و قوتکردنەوەی ئیسرائیل لە نێوجەرگەی ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامیدا و ڕۆژانە کوشتنی فلستینییان، دژایەتی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و تەواوی شۆڕش و بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی جیهان، ڕووخاندنی ئاللیندی و کۆمەککردن بە پینۆشێ و کوشتنی خەڵکی چیللی، دەسەڵاتگرتنەدەستی نازیزم و فاشیزم و تاوانەکانیان و. . . سەدان کاری دیکەی لەم جۆرانە، کارگەلێکی تەرۆریستانە نین! ئەگەر ئەوانە تەرۆریزم نەبن، ئەوا هیچ شتێک لەو دنیایەدا تەرۆریزم نییە. مێژوو لە کن مرۆڤی ڕۆژاوایی تەنێ مێژووی ئەوروپا و ئەمەریکای سەرووە و لە دەرێی ئەو مێژووە، ئەوان مێژوویەکی دیکە نابینن و ناناسن و ناخوێننەوە. خۆراوای سەرمایەداری تا سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لە ئارادا بوون، تەواوی

www.kurdistannet.org
3-2-2003 23:04

هێزیان بۆ لێدانی ئەوان تەرخان کردبوو و جارنایش بۆ لێدانی کۆمۆنیزم، ئیسلامیان بە دۆستی خۆیان دادەنا. لە دوای ڕووخاندنی کۆمۆنیزم، ئیدی ڕۆژاوا، ئیسلام بە نەیاری سەرەکیی خۆی دەزانێت. تیۆری "کۆتایی مێژوو"، کە "فۆکۆیاما"، هێنایە ئاراوە و تیۆری "ململانێی یا جەنگیی ژیارییەکان"، کە "سامۆیێل هێنتینگتۆن"، هێنایە ئاراوە. بە ئاشکرا باس لەوە دەکەن، کە ئەیدیۆلۆژیای سەرمایەداری بە تەواوەتی بە سەر تەواوی ئایدیۆلۆژیاکانی دیکەدا سەرکەوت و بەوەی کە شارستانییەت و ژیاریی ئەمەریکا، مارکسیزم و کۆمۆنیزمی بەزاند و بەسەریدا سەرکەوت، ئیدی تاکە کۆسپێک کە لە ڕێگەدا مابێت، ئیسلامە و ئەویش بە لەتوپەت و بەشبەشکردنی گەل و نەتەوەکانی، ئیدی دەستی بەسەردا دەگیرێت و هیچی نامێنێت و سەرمایەداریی خۆراوا و ئەمەریکا دەبێتە شاڕێگەی مرۆڤایەتی. کە مارکسیزم و کۆمۆنیزم –دیارە لە شێوەی ئەو دەوڵەتە تۆتالیتێر و داخراو و مرۆڤسەرکوتکەرانەدا، کە بە درۆ نێوی سۆسیالزمیان لە خۆ نابوو و لە پێشی هەموویشیانەوە، یەکیەتی سۆڤیێت- ڕووخا، ئیدی ئیسلام بوو بە دوژمنی سەرەکیی ڕۆژاوا. پێش چەند ساڵێک، دوای ڕووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی سۆڤیێت، گفتوگۆیەکی تەلەڤزیۆنیم لەگەڵ نووسەری ئینگلیزی جوولەکەڕەگەزدا، "ئەنتۆنی بوێرجز"، لە یەکێک لە کەناڵەکانی سوێدەوە چاوپێکەوت، ئەو کابرایە زۆر بە ڕاشکاوی دەیگوت، کە وا کۆمۆنیزم ڕووخا و ئێستا ئیدی، خەتەرێکی مەزن، کە لە بەرانبەر خۆراوا و ئەوروپادا هەبێت، ئیسلامە. ئەم خەڵکەی کە ئەوڕۆکە ڕۆژاوا و ئەمەریکا و ئەوروپا نێوی تەرۆریست و ئەوانەیان لێدەنێن، دوێنێکە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا و بۆ دژایەتی کۆمۆنیستانی ڕووس، پێیان دەگوتن "مجاهیدین" و هەموو کۆمەکێکیان پێ دەکردن. سی. ئای. ئەی، بۆ خۆی چەکی پێدەدان و مەشقی پێ دەکردن. ئەگەر جارنا دەنگێک لە ڕۆژهەڵاتەوە یا لە هەر سووچ و قوژبنێکی ئەم دنیایەوە، بۆ خۆناسینەوە و ڕاوەستان لە سەر پێی خۆ، بەرز بووبێتەوە، وەک غاندییەک، ماوێک، بنبیللایەک، لۆمۆمبایەک، گیڤارایەک، خومەینییەک، ماندێلایەک یا کاسترۆیەک، ئەوا خۆراوا و ئەوروپا و ئەمەریکا هەموو دنیایان کردووە بە گژیدا و بە ڕیزپەڕ و چەوت و دژەشارستانییەت و دژەژیاری دانراون. شارستانییەت و ژیارییش بە لای ڕۆژاواوە، تەنێ ناشارستانییەت و ناژیاریی ئەمەریکای بێفەرهەنگە. ئەمەریکا و ئەوروپا و خۆراوا، سیاسەتکار و کارگێڕ و هەڵسووڕێنەر و کۆمۆنیست و چەپ و موسوڵمان و شۆڕشگێڕی، سازشکار و ترسنۆک و پوولەکی و جاسووس و خۆفرۆش و ساختەچی و فریودەر و سووک و هەرزەیان دەوێت، بۆ وەی بۆ خۆیان و بە ئارەزووی خۆیان، بیانجووڵێنن و کاریان بە سەردا دابەش بکەن. مەبەستی ڕاستەوخۆ و سەرەکیی ئەمەریکا و ڕۆژاوا، لە کۆتایی مێژوو و جەنگیی ژیاری و شارستانییەتەکان، ئەمەریکاییاندن و ئەوروپاییاندن و خۆراواییاندنی هەموو جیهانە و تاساندنی هەموو دەنگێکی بڕێک لە خۆیان جیاواز. ئەوروپا و ئەمەریکا و ڕۆژاوا، جیهانێکی یەکڕەنگ و یەکفۆرم و یەکبیچمیان گەرەکە. دەیانەوێ هەموو جیهان لەفەن (وەک) ئەوان بیر بکاتەوە و لە خولکەی ئەواندا بسووڕێتەوە، هەر بۆیە بە جیهانگەری (گلوبالیزەیشن، عەولەمە) و بە پرۆژەی جاسووسیی "ئیشلۆن"ەوە، دەیانەوێت تەواوی جیهان بئەمەریکێنن و بیخەنە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی خۆیانەوە. ئەمەریکا و ئەوروپا و خۆراوا، شەو و ڕۆژ دەهۆڵ بۆ دیموکراسی لێدەدەن، لێ ئەوان دیموکراسییان بۆ خۆیان دەوێ، نەک بۆ جیهانی سێیەم و چوارەم و دەیەم. دیموکراسی ڕۆژاوایی دەکاتە هەڵبژاردن و کە زۆرینە بردەوە (برەندە) [1] بوو لە هەڵبژاردندا، دەبێ کەمینە ملی بۆ کەچ بکات و قایل بێت بەوەی، کە زۆرینە کارگێڕیی حوکوومەت بگرێتە دەست، کەچی لە ئەلجەزایر، کە ئیسلامییەکان بە گوێرەی دیموکراسیی خۆراوایی لە هەڵبژاردندا بردیانەوە و دەبوو کارگێڕیی بگرنە دەست، ڕۆژاوا لێنەگەڕا و دەسبەجێ لێدران و ڕاوکران. لە تورکیا حیزبی ڕەفاه[2]، کە دیموکراسییانەی خۆراواییانە، بردییەوە و کارگێڕی گرتەدەست، دواترلەشکر بە فەرمانی ڕۆژاوا، چونکە وەک دەسگایەک بۆ خۆی سەر بە خۆراوایە، وەدەریان نان. تەواوی دیرۆکی مرۆڤایەتی، ملانێ و پێکدادان و جەنگێکە، لە نێوان زۆردار و زۆرلێکراو، موعاویە و عەلی، دەوڵەمەند و هەژار، چەوسێنەر و چەوساوە، یەزید و حوسەین، دارا و نەدار،

---

[1] لە بری "براوە"، من وشەی "براوە"م پێ هەڵەیە، چونکە "براوە" لە سەر کێشی "کراوە" و "سڕاوە" و "خوراوە" و ئەوانە دێت، کە دەکاتە حاڵەتی کارتێکراوی نەک کارایی.

[2] دواتر بوو بە فەزیلەت.

داگیرکەر و داگیرکراو، عوسمان و ئەبوزەر، سەردەست و بندەست، سەرمایەدار و کارگەر، تێر و برسی، سەرمایەداری و سۆسیالیزم، بەشخۆر و بەشخوراو، ئیمپریالیزم و گیڤارا، ئەنفالکەر و ئەنفالکراو، پێنۆشێ و ئاللیندی، هێزدار و بێهێز و دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتدا، من بۆ خۆم لایەنگر و لەتەک و سەر بە زۆرلێکراو، عەلی، هەژار، چەوساوە، حوسەین، نەدار، داگیرکراو، ئەبوزەر، بندەست، کارگەر، برسی، سۆسیالیزم، بەشخوراو، گیڤارا، ئەنفالکراو، ئاللیندی، بێهێز و بێدەسەڵات دەزانم و لە خانەی ئەواندام و پێشم وایە هەڵوێستی ڕاست و دروست و مرۆڤانەش دەبێ وا بێت. ئەمەریکا و ئەوروپا و ڕۆژاوا، لە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیی خۆیانەوە و بێ گوێدانە هیچ ئاکار و ڕەوشت و ڕەوتار و بەهایەکی مرۆڤانە، دەنۆڕنە جیهان و ئەگەر حیساب بۆ خەڵکانی دیکەی ئەو دنیایەش بکەن، ئەوا حیساب بۆ خەڵکانێک دەکەن، کە بۆ بەرژەوەندیان و بە قازانجیان، کار دەکەن، یا دژی بەرژەوەندیان کار دەکەن و زیان بە قازانجیان دەگەیەنن. ئەمەریکا و ئەوروپا و خۆراوا، هێندە ملهوڕ و لووتبەرز و ڕاڵەخۆبوون، کە تاکە یەک زمان تێدەگەن، ئەویش زمانی زیانپێگەیاندن و لێدانی ڕەگی ئابووری و سووکایەتیکردنە بە سیاسەتیان. مەزنترین تڕۆکردن و سووکایەتییەکیش، کە تا ئەوڕۆکە بە ئەمەریکا کرابێت، شکستیان لە ڤیێتنام، گرتنی سەفارەتەکەیان لە تاران لا لایەن شۆڕشگێڕانی پێڕەوانی ئیمامەوە، لە سەرەتای شۆڕشی ئێراندا، تەقاندنەوەی سەفارەتەکانیان لە بەیرووت و کێنیا و تەنزانییا و دواتریش ئەمەی ١١ی ئەیلوولە. کورد کە بۆ خۆی بەشێکە لە، نەک جیهانی سێیەم، بەڵکە جیهانی دوای بیستەمیش، زۆر سەیرە، کە هێندە و بەو خەستییە، دەم لە جیهانگەری دەکوتێت و دژە تەرۆریزم و ئەوانە قسە دەکات. دیارە کە دەڵێم کورد، مەبەستم نووسەر و ئەهلی قەڵەم و سیاسەتکارانیەتی، دەنا برسی و چەوساوە و بێدەسەڵات و هەژار و خەڵکانی چینەکانی خوارەوەی جڤاکی کوردی، ئەو جۆرە فشانە ناکەن و ئەوان "بۆ نان دەگەڕێن و خەرپزە بەلایانەوە ئاوە". دەڵێن "ئەسپیان ناڵ دەکرد، قرژانگیش لاقی هەڵدەبڕی". کورد، کە بە درێژایی مێژوو، لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا بووە و هەمیشە کارتێکراو بووە و ڕۆڵێکی لاوەکییانەی بزوێنراوی پارسەنگاسای یارمەتیدەری هەبووە و خەڵک حیسابی تەرۆریستی بۆ خۆی دەکات -کوردی عیراق لە لایەن عیراقەوە، کوردی تورکیا لە لایەن تورکیاوە و کوردی ئێران لە لایەن ئێرانەوە، بە تەرۆریست دادەنرێن، لێ کوردی عیراق لە لایەن ئێرانەوە و کوردی تورکیا لە لایەن عیراق و ئێرانەوە و کوردی ئێران لە لایەن عیراقەوە بە پێشمەرگە و تێکۆشەر و خەباتکار دادەنرێن. لە چاوی ڕۆژاوایشەوە تێکدانی نەخشەی هەموو دەوڵەتێک، ئەگەر لە سەر دەستی خۆیان و بە قازانجی خۆیان نەبێت، کارێکی تەرۆریستانەیە- کەچی پێی وایە ئەگەر دژی تەرۆریزم و ئیسلام و ئەوانە قسان بکات، ئیدی حیسابی شارستانی و ژیاریی بۆ دەکەن و بەوەش دەچێتە ژێر چەترەکەی ئەمەریکا و ئەوروپا و خۆراواوە. هەر ئەو ئەهلی قەڵەم و سیاسەتکارانەی کورد، کە ئەوڕۆکە سەرجەم بوونەتە دەرویێشی ئەمەریکا و ڕۆژاوا و کەمەنکێشی تەکیەکانی"کۆشکی سپی" و"١٠ داونینگ ستریت" بوون، تا دوێنێ ڕێبوارانی تەریقەتی مارکس و لێنین و هاوڕێ ماو بوون. من ئێستاش وەک هەموو دەمێکی دی، پێم وایە، ئەم خۆراوازەدەیی و ئەوروپازەدەیی و ئەمەریکازەدەییە، خۆخەڵەتاندن و دەردە و دەشێ هەرچی زووترە، بە شوێن دەرمان و چارەسەرەکەیدا بگەڕێین و لەو بازنەیەی کە تێیکەوتووین، خۆ قوتار کەین. کوردیش وەک تەواوی چەوساوەکانی دیکەی جیهان، دەشێ وەدووی کەسایەتیی و ناسنامەی خۆی بکەوێت و خۆی بدۆزێتەوە و دژی هەموو ئەوروپاییاندن و ئەمەریکاییاندن و ڕۆژاواییاندنێک بوەستێتەوە.

٢٠٠١-١٠-٨

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣